# دوو دیوی کۆلۆنیالیزم

سەرهەڵدانی پیشەسازیی لە ئورووپا گەلێك شتی لەگەڵ خۆیدا هێنا. یەکێك لەوانە دروستکردنی کەشتی هەڵمیی بوو. سوودێکی وزەی هەڵم ئەوەبوو هێزێك کەشتی و پاپۆری وەگەڕ دەخست کە پێویستی بە هێزی کاری مرۆڤ نەبوو. تا ئەو کاتەی ئاو تەڕ بوو کەشتی هەڵمیی دەیتوانی بەرەو هەر شوێنێك دڵ بخوازێت بجمێت.
ئورووپیەکانیش کونجکاو بوون. لەو کاتەدا ئینگلیز لە هەموویان کونجکاوتر بوو.
یەکەم کەشتی هەڵمیی ئورووپایی ئینگلیزەکان دروستیان کرد و تەمایان ئەوەبوو وەکوو کەشتیی ڕاکێشیان، نەك بارهەڵگرتن بەکاری بهێنن. بەڵام زوو تێگەیشتن کە دەتوانن وەك ئی باریش بەکاری بهێنن.
لە ساڵی ١٨٤٢ دا ئەو کەشتیەیان سەر ئاو خست و ناویان نا نەمێسیس Nemesis.
نەمێسیس لە میتۆلۆژی یۆنانیدا ژنەخوداوەندی تۆڵە ستاندنەوەیە.
تۆڵە ستاندنەوە لە کێ؟
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەشێت بگەڕێینەوە سەردەمی ڕۆشنگەریی لە ئورووپا.
سەرئەنجامی دەستەڵاتی کەمینە و دەستەڵاتی کڵێسا کیشوەری ئورووپای لە چاخی ناوەڕاستدا کرد بە دۆزەخ. ئەو دەم ئورووپا دووکەڵی شەڕی کڵێسا و جۆرەکانی کریستیانیزم نیوە وێرانی کردبوو. برسێتیی، بێکاریی، نەخۆشیی، بێمتمانەیی و ئێرەیی بە یەك بردن هەموو ئورووپای داپۆشیبوو. دەمێك بوو جوولەکەی ئیسپانیا ڕاونرابوون و ئەو پیاوانەی کریستیانیزمیان دەخستە ژێرپرسیار و ئەو ژنانەی لەبەر هەر هۆیەك بێت نەدەویستران، بیانووی شەیتانی و شەیتاندۆستییان دەخرایە پاڵ و مرخێشی دادگای کڵێسا و زیندان دەکران و دەخرانە سەر ئاگری گەورە و دەسووتێنران.
سەردەمی ڕۆشنگەریی هەناسەدانی پشوویەك بوو لە دەست دەستەڵاتێکی تاکڕەو و ئاینی. بەڵام زوو دەرکەوت کە ئەو پشوودانە تەنها بۆ ئورووپیەکان ڕێسرڤ کرا بوو.
پورتوگاڵ یەکەم وڵاتی ئورووپایی بوو کە بۆ یەکەم جار مەرز بەو دیودا ببڕێت. ساڵی ١٤١٥ پورتوگاڵ پێی نایە کیشوەری ئەفریقاوە. پورتوگاڵ و ئیسپانیا پێش کۆتایی سەدەی ١٤ هەم بە سەدان کەشتیان ڕەوانەی ئەو بەر ئاوەکە کرد. زۆربەی سەرنشینان دز و جەردەی ئاو بوون. لە سەرەتای سەدەی ١٥ هەمدا ئەمەریکا لەلایەن ئیسپانیا و پورتوگالەوە داگیر کرا و پاشانیش لەلایەن ئینگلیزەوە و ئەوجا دانیشتووانی سەرانسەری ئورووپا ڕوویان تێ کرد.
لە سەدەی چواردەهەم بەولاوە لێرەولەوێ کەسانی ئورووپایی لەگەڵ یەکەمین سوپا کۆلۆنیالیەکاندا کە هێشتا هێز و توانای زۆریان نەبوو دەڕۆیشتن و بەسەرهاتی خۆیان دەنووسیووە. بەسەرهاتەکان چەند ڕاست یان درۆ یان هەڵبەستراو بوون بە جێی خۆی، بەڵام یەك شت دڵنیابوو، ئەویش ئەوەبوو کە هەرە زۆربەی خەڵك لە خوێندەوارانانی ئەو سەردەمانە پڕووایان بەو چیرۆکانە دەکرد. کڵێسا وردە وردە وا لە بەسەرهاتەکان تێ دەگەیشت کە خودا کڵێسای وەك نوێنەری خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردووە ئەو نەتەوانە بەشارستانی بکات. سێ سەد ساڵ مێژووی لەم چەشنە زەمینەی بۆ فەیلسەسوف و ڕۆشنبیرانی سەردەمی ڕۆشنگەریی خۆش کرد کە نەك هەر گومانێکیان لە دروستی و ڕاستێتی ئەم چیرۆکانە نە دەکرد، بەڵکو کردیان بە بناخە بۆ تێزەکانیشیان.
لە ناو ڕۆشنبیرانی سەردەمی ڕۆشنگەرییدا باس بوو بە باسی هەبوونی ڕەگەزی جیاوازی مرۆڤ. بۆ ئەوان مرۆڤ یەك ڕەگەز نەبوو کە ڕەنگی پێستی جیاواز بێت، بەڵکو مرۆڤ لە ڕەگەزی جیاواز پێك هاتبوو. لەوێدا ئورووپا ڕەنگی سپی پێ دەبەخشرێت کە سیمبوڵی پاکیی و ژیریی و میهرەبانیی و لایەنی باشەی دیکەیە، ئەفریقا و زۆربەی هەرە زۆری ئەمەریکا ڕەنگی ڕەشی پێ دەبەخشرێت کە سیمبوڵی بێئەقڵیی، نەفامیی، ناشیرینیی و دڕندەییە. پاشان جیهانی ئاسیای خواروو ڕەنگی زەردی پێ دەدرێت کە شتێك دەبن لە نێوان سپی و ڕەشدا.
"ئەو نووسینە گەلیانەی کە لە گەشتەکاندا نووسرابوونەوە وێنەی ئاشنابوون و "شارستانیان" بە ئورووپا دەبەخشی بەو مانایەی کە لە سەردەمی ڕۆشنیدا دەژیا، هاوکات کە خەڵکی وڵاتانی دیکە (ئاسیا، ئەفریقا، ئەمەریکا) خاوەن نەریت و خووی "سەیر" بوون. کەواتە لە ڕووی فیزیکیەوە دڕندەیی دەکەوتە ئەو دیو کیشوەری ئورووپاوە، ئەو دیو ڕۆشناییەکە، بەو مانایەی کە بۆ نموونە ئەفریقا بە کیشوەرێکی تاریك دادەنرا، بە تێرا نولا terra nulla[2][1].
جۆرجێس لویس لەکلارك، کۆمت دی بوفۆن Georges-Louis Leclerc de Buffon کاتێك لە ٧ سێپتەمبەری ١٧٠٧ دا لە دایك بوو چوار سەد ساڵ بوو مرۆڤ لە ئورووپا دەسووتێنرا و ماوەیەکی زۆر پاش ئەویش هەر بەردەوام بوو. ئەم بێدەربەست لەوەی کە سەرئەنجامی قسەکانی دەبێتە هۆی چی، دێت و باس لە هەبوونی ڕەگەزی جیاواز بە خەسڵەتی جیاوازەوە دەکات. بە ئارەزووی خۆی کیشوەری ئەمەریکا دەکات بە

[1] تێرا نولا terra nulla بە لاتینی واتا "خاکی هیچ کەس، خاکی بێ خاوەن، خاکی بێ کەس"
[2] Race and the Enlightenment, A Reader, Blackwell publishers Ltd 1997, Edited by Emmanuel Chkwudi. S 5

بەشی جیاوازەوە کە بە ڕای ئەم ڕەگەزی جودای تێدا دەژی، هەندێك لەوانە باڵابەرز و بێ موو و دەستوپل جوان و خۆشخۆراکن و دەچنەوە سەر ئورووپیەکان بۆ نموونە لاپلاندیی، هاوکات کە ڕەگەزی دیکە هەن ناشیرین و موودار و گرژ و دڕندەن. ئەوانەی بۆ ئەم "جوانڕووخسارن" لە کردەوەشدا ئۆتۆماتیك ڕەفتاریان جوانە و مرۆڤی باشن و خاوەن شارستانیین. ئەوانەش ئەم بە ڕووخسار بە ناشیرینایان لە قەڵەم دەدات دڕندە و ناشارستانین. بە ڕای ئەم ئەم دابەشبوونەی ڕەگەزەکان سەرئەنجامی باری جوگرافیای سرووشتە. جوگرافیا هەر بە تەنیا بڕیار لەسەر ڕەنگی پێست نادات، بەڵکو بە گشتیی مرۆڤەکان دەکات بە ڕەگەزی جیاواز و بەو شێوەیە دەیانکات بە خاوەنی خەسڵەتی باش یان خراپ.

جۆرجێس لویس لەکلارك، کۆمت دی بوفۆن بۆ پاڵپشتی لەم تێزەی خۆی پەنا دەباتە بەر مستەر فابری Mr Fabry ـ یەك کە دیارە یەکێکە لەو گەڕۆکانەی لە ئورووپا دوورکەوتووەتەوە و بە دوای داهێناندا دەگەڕێت. لە گێڕانەوەی ئەم مستەر فابریە دڵنیا دەبێت کە تێکچوونی هەندێك ڕەگەزی ئەمەریکا خەتای ئەوە نییە کە ئورووپیەکان دەستیان تێدا بێت. لە درێژایی قسەکانیدا کاتێك باس لەوە دەکات کە ئەم "دڕندانە" عادەتەن بە ژمارە کەمن بەڵام بەربڵاون، دێتە سەرئەوەی کە پێی وایە ڕوو دەدات ئەوانە ژمارەیان زۆر بێت و دەڵێت "هەندێك لەوانە تەنانەت بەرانبەر بە کۆلۆنیالیستەکانمان ئاژاوە گێڕن".

ئەم پێی وایە کە ئەگەرچی نەتەوەگەلی جیاواز لە ئەمەریکا خاوەنی خوو و نەریتی جیاوازی خۆیانن بەڵام "هەندێك لەوانە زیاتر دڕندە، دڵڕەق و بێ جەرگ بوون وەك لەوانەی دیکە؛ بەڵام هەر هەموویان وەکوو یەك گەوج، بێخەیاڵ و دوور لە هونەر و پیشەسازیین"[3].

"هەندێك لە گەڕۆکەکان باس لە نەتەوەی گویانا Guiana دەکەن. لێرە دانیشتووان لە هەر جۆرە هیندییەکی[4] دیکە ڕەشترن. ئاراس Arras ـ ـەکان, ڕالێخ Raleigh دەگێڕێتەوە، "نێزیکەی هێندەی قولەکان ڕەشن، هەر زۆر بە هێزن و ڕمی نووك ژەهراوی بەکار دەهێنن". ئەم نووسەرە هەروەها باس لە نەتەوەیەکی دیکی هیندی دەکات کە ملیان هێندە کورتە و شانیان هێندە بەرزبووەتەوە کە لەوە دەچێت چاویان لەسەر شانیان ڕووا بێت و دەمیان لە ناو سنگیاندا. دیارە ناکرێت ئەم دەعبایە شتێکی سرووشتیی بێت"[5].

بە ڕای ئەم زۆرێك لەو دانیشتووانانەی کە دەستی ئورووپیان گەیشتوویەتێ، لەوانە کە تێکەڵ بە بازرگانی بوون لەگەڵ پورتوگالیەکان ئەوا "هەندێك شارستانیان" پێ گەیشتووە، بەڵام "زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی کە لەناو قووڵایی وڵاتەکەدا دەژین [کە دەستی ئورووپاییان نەگەیشتووەتێ] هەر بە تەواوی دڕندەن".

خۆشەویستی جۆرجێس لویس لەکلارك، کۆمت دی بوفۆن بەرانبەر بە ئایینی کریستیانیزم کە ئەو ئەرکە زەحمەتەی بەشارستانیکردنی دڕندەکانی خستووەتە سەرشانی خۆی ناشاردرێتەوە. بۆ ئەم کریستیانیزم هێندە بە ڕەحمە کە باری گرانی هەموو دڕندەکان بخاتە سەر شانی خۆی و بە هەزاران کیلۆمەتر ڕێگا ببڕێت و یەك یەك هەموو ئەو دڕندانە کۆبکاتەوە، فێری لاتین و کریستیانیزم و پێڕەوی ئورووپیان بکەن و بە ئاوی پیرۆزی کڵێسا بۆ دوا جار لە هەموو کولتورێکی خۆیان، کە بۆ ئەم بەدفەڕ و ناشیرینە، خاوێنیان بکەنەوە.

"هیچ شتێك لەمەڕ ئایین لەوەشەرەفمەندتر نییە کە ئەم نەتەوەگەلە دڕندانە بە شارستانیی بکرێن و بناخەی ئیمپراتۆرێك دابمەزرێنرێت، [بەڵام] بێ هیچ جۆرە بەکارهێنانی چەکێك بێ لە چەکی باشایەتی و مرۆڤایەتی"[6].

بەڵام نەیدەتوانی ڕوونیی بکاتەوە و کەس نەبوو بپرسێت ئەدی چۆنە کە بە سەدان هەزار کەس دەکوژرێن، گوند و شار خاپوور دەکرێن و بە هەزاران بە دیل دەگیرێن و بە کۆیلە دەکرێن.

دەیڤد هیوم David Hume دەڵێت "ناچارم گومان بکەم کە قولەکان و هەر بە گشتیش هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی مرۆڤ (چونکە چوار یان پێنج ڕەگەزی جودا هەن) سرووشتیانە لە خوار سپیپێستەکانەوەن"[7].

دەیڤد هەم بە دوورودرێژی خۆی ڕوون دەکاتەوە کە چۆن هیچ نەتەوەیەکی دیکە جگە لە سپیپێستەکان خاوەنی شارستانیی نین و ئەوانی دیکە کارویپیشەیان دڕندەیەتی و ژیانکردنە لە ناو بێ کولتوریی و بێ فەرهەنگیەکی بەردەوامدا. یەکێك لەو دانیشتووانانەی کە بۆ ئەم جوانە و کە ئەم بە ڕەگەزی دادەنێت و بە باشەیەکی سەخیەوە وەسفی دەکات ئەوەیە کە لە هەرە باکووری ئەمەریکا دەژی. ئەویش لەبەرئەوەی کە دەچنەوە سەر ڕەگەزی ئورووپی و کە لەسەر هەمان خەتی ئاووهەوان.

ئیمانۆیل کانت Immanuel Kant لە هەر ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی زیاتر درێژەی بە باسی جیاوازی ڕەگەزەکانی مرۆڤ داوە. لە داڕشتنێکدا نیزیکەی ٣٠ لاپەڕەی بۆ ئەو باسە تەرخان کردووە.

بۆ هەموو ئەم ڕۆشنبیرانە کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش هەبوو، یەکێکان ئەوەبوو کە مەسەلە ئەوە نەبوو کە یەك دانە ڕەگەزی مرۆڤ هەبێت و کە ڕەنگی پێستیان جیاواز بێت، بەڵکو بۆ ئەمان ڕاستیەکی بێخەوش

---

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٨

[4] لە سەردەمی ڕۆشنگەریی و پێشتردا وشەی "هیندیان" بۆ سوورپێستەکان بەکار دەهێنن، چونکە هەر لە سەرەتاوە پێیان وایە کە هیندوستانیان دۆزیوەتەوە.

[5] Race and the Enlightenment, A Reader, Blackwell publishers Ltd 1997, Edited by Emmanuel Chkwudi. S 19

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢١.

[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٣.

هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە چەندین جۆری ڕەگەز هەبوون (کانت پێی وابوو چوار دانە ڕەگەزی مرۆڤ هەیە) و هەر ڕەگەزەی نمایندەی کۆمەڵێك مرۆڤ بوو کە پێشوەخت سرووشت بڕیاری لەسەر زرنگیی، بە توانایی، لێهاتوویی، ناشیرینیی، جوانیی و سیفەتگەلی دیکەی داون.
بۆ ئەمان "جوان" ئەو پێناسەیەی هەبوو کە لە دیدی خۆیانەوە دەبینرا. هەر شتێك دەر لەو پێناسەیەی "جوانی" بووایە کە ئەمان هەیانبوو، دەبوو بە "ناشیرین". بە هەزاران پەڕە لەسەر جوانیی ئوروپاییەکان نووسراوە. ئوروپاییەکان باڵایان بەرز و لێویان یاقوتی و مووی سەریان کاڵ و بەگشتیی لەشیان بێ مووە، بۆیە زیرەك و لێهاتوو و خاوەن ویژدان و بەزەیین و ئەمەش وای کردووە کە خاوەن شارستانیی بن. لای ئەمان هونەر و کولتور و موزیك لەو شتانەن کە ئەو جوانیە پڕ دەکەنەوە و تەواوی دەکەن. ڕەگەزەکانی دیکە ناشیرین و بەدفەڕ و دڕندە و دڵڕەقن، هەموو هەست و نەستیان لە زار و لە گەڵوگونیاندا کۆبووەتەوە، لەبەرئەوەیە کاریان ئەوەیە کە تەنها یا دەخۆن یان جووت دەبن، ئەویش خواردنیان بە شێوەیەکی ناشارستانییە و جووتبوونیان بە شێوەیەکی کێویە. لەو پێوەندیانەدا هیچ شوێنێك بۆ هزر و بۆ بیرکردنەوەی بڵند و بۆ تێگەیشتن لە چواردەور و بۆ شارستانی و کولتور نییە.
"زۆر بە کورتیی" کانت دەڵێت "قولەڕەش وا بەرهەمهێنراوە، زۆر باش گونجاو لەگەڵ ئاووهەوای شوێنی خۆی، واتە بەهێزە، گۆشتنە، قابیلی چەمینەوەیە و لە ناوەڕاستی ئەو ئامادەباشیە بەرینەی وڵاتەکەیدا تەمەڵ و سست و بێدەستوبردە"[8].
کانت کاتێکی زۆر بە خۆی دەدات کە لەسەر دانە بە دانەی نەتەوەکانی ئوروپا و تەنانەت عەرەب و فارسیش بدوێت و پاشان دێتەوە سەر "قولەڕەش".
"قولەڕەشەکانی ئەفریقا هەر بە سرووشت خاوەنی هیچ هەستێك نیین کە سەر ئاستێکی گرینگ بکەوێت. مستەر هەم [مەبەستی لە دەیڤد هەم ـ ە] ڕووبەڕووی هەر کەسێك ڕادەوەستێتەوە کە بتوانێت یەك دانە نموونە بهێنێتەوە کە تیایدا قولەڕەشەکان بەهرەمەندی و دەستڕەنگینی نیشان بدەن و وای دادەنێت کە لە نێو سەدان هەزار ڕەشدا کە لە وڵاتەکانی خۆیانەوە گوێزراونەتەوە بۆ شوینی دیکە، و تەنانەت هەندێکیان کە ئازادیش کراون، هێشتا هەر یەك دانەیشیان نەبینراوە کە شتێکی گرینگ لە زانست یان هونەر پێشکەش بکات یاخود هەر هەر شتێکی دیکە کە خاوەنی نرخێکی چوونایەتی بێت. هەرچەندە کە لە ناو سپییپێستاندا لە هەندێك کە لە هەرە ئاستەکانی خوارەوەشدان بە بەردەوامی بەرز دەبنەوە و بە هۆی ئەو بەهرەمەندیە باڵزاڵەوە کە هەیانە ڕێز بۆ خۆیان لە جیهاندا پەیدا دەکەن. جیاوازیی لە نێوان ئەم دوو جۆرە ڕەگەزەی مرۆڤدا ئاوا بناخەییە و وا پێ دەچێت کە ئەم جیاوازییە لە توانای مێشکیشدا هێندەی جیاوازیی ڕەنگ گەورە بێت"[9].
کانت پاشان گاڵتە بە ئایینی ئەم مرۆڤانە دەکات کە گوایە هەر یەکە و هەر ڕۆژەی ئایینێکیان هەیە و ئەو ئایینە دەشێت "پەڕی باڵندە، شاخی گایەك یان هێلکەشەیتانۆکەیەك" بێت. بەلای ئەمەوە یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەم "قولەڕەشانە" چەنەبازیە کاتێك کە پێکەوە دادەنیشن، و کە تەنها بە لێدانی زۆر دەتوانرێت لێك جیا بکرێنەوە.
کانت هەموو ئەم شتانەی لە دەستی سێ و چوارەوە بیستبوو. بێ لە ڕەشپێستی کۆیلە چاوی بە یەك دانە ژیان لە دانیشتووانی ڕەسەن تەنانەت بۆ پێنج دەقیقەش نەکەوتبوو، بەڵام ڕێگا بە خۆی دەدا کە بە ناوی ئانترۆپۆلۆژی و زانستی سرووشت و گرووپناسیی و کۆمەڵناسیەوە بە ئارەزووی خۆی دژ بەو نەتەوانە بنووسێت و بیهۆنێتەوە.
لە هەمووی دژوارتر ئەوەبوو کە نووسینەکانی کانت بوو بە یەکێك لە سووچکەکانی بناخەی بیری فەیلەسوفەکانی پاش خۆی.
کانت هەروەها ڕێگا بە خۆی دەدات پێوەندی جنسیی و خۆشەویستی لە ئوروپادا بە گوڵ بڕازێنێتەوە و هاوکات دڵنیاییە کە پیاوی خۆرهەڵاتی لەبەرئەوەی هیچ جوانیەکی ڕەووشتی لا نییە، ناشتوانێت جوانی لە جنسدا ببینێت و تەنانەت "حەرەمەکەی بە بەردەوامیی سەرچاوەی پشێویە"[10].
کانت لە زمانی قەشەیەکەوە کە ناوی فازەر لابات Father Labat ـ ە دەگێڕێتەوە [گوایا] دارتاشێکی قولەڕەش لەبەرئەوەی ڕەفتاری توندی بەرانبەر ژنەکانی خۆی نوواندوە، قەشەکە چووە و لەگەڵیدا قسەی کردووە کە کاری وا نەکات. "قولەڕەشەکە" لە وەڵامدا بە قەشەکە دەڵێت 'ئێوەی سپیپێست گەوجن، یەکەم جار دێن و دەستەڵاتێکی زۆر بە ژنەکانتان دەدەن و پاشان دێن و گلەیی لە حاڵتان دەکەن کە ژنەکانتان شێتیان کردوون'.
کانت دوو سەرئەنجامی زۆر سەرنجڕاکێش لەمە دەردەهێنێت. لە یەکەمیاندا دەڵێت "ڕەنگە ئەم قسەیە شتێکی تێدا بێت کە پیاو لەبەر چاوی بگرێت"، بە واتایەکی دیکە کە لە پێشدا دێت و بە جۆرێك بەرگریی لە مافی ژنانی ڕەشپێست دژ بە پیاوەکانیان دەکات، بەڵام ئێستا پێی وایە کە ڕەنگە ئامۆژگاریی کابرای

[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٧.

[9] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٥.
[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٧.

ڕەشپێست بە کەڵکی بیرلێکردنەوە بێت. دووهەمیان ئەوەیە کە دەڵێت [هەڵبەت تێبینی بکەن کە قەشەکە بۆی گێڕاوەتە و خۆی نەیبینیووە] "کابرا هەر بە تەواوی لە تەوقی سەرێوە تا بنی پێی ڕەش بوو، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەر شتێکی گوتوە قسەی قۆڕە"[11].

بە پێی زانیاری کانت ئەو دەم "ئوروپییەکان ساڵانە ٦٠ هەزار تا ٨٠ هەزار قولەڕەشیان بردووە بۆ ئەمەریکا[12]". ئەمە لە کاتێکدا کە ئوروپییەکان "زیاتر لە ٣٠ میل" (نێزیکەی ٥٠ کم) لە ڕۆخەوە زیاتر نەچوونەتە قووڵایی خاکی ئەفریقاوە.

ڕۆشنبیری سەردەم، بلومنباخ Johann Friedrich Blumenbach ڕەگەزەکان دەکات بە پێنج بەشەوە کە قەوقاسیی، مەنگۆلیی، ئیتیوپیی، ئەمەریکایی و مالیی ـ ـن و ئەوجا بە ئارەزووی خۆی دەکەوێتە وەسفیان. بە ڕای ئەم قەوقاسیی باشترین نموونەی ڕگەزی مرۆڤە بە بنەچە و هاوکات درێژبوونەوەی شارستانیی ئوروپایی دادەنێت و دەڵێت ئەم ڕەگەزە "جوانترین ڕەگەزی مرۆڤ وەبەرهەم دەهێنێت"[13]، و بەرلەوە بە وردی باسی جوانیەکەیان دەکات. ئەوی لە بلومنباخ دا جێی سەرنجە ئەوەیە کە تێزێکی نوێ بۆ یەکەم جار دەخاتە بەردەست، ئەویش "degeneration[14]" واتە "داڕزان" ـ ـە، داڕزان بە مانای خراپبوونی دۆخی فیزیکی و ڕەووشتی و مێشکیی "ڕەگەزێك" بەرەو تا دێت خراپتر وا کە دەستی سرووشت لە پشتیەوەی بێت. بە ڕای بلومنباخ ئەوە تەنها ڕەگەزی سپیە کە بەرهەمی بێخەوشە. هەموو ڕەگەزەکانی دیکە سرووشت دادی لەسەریان داوە کە دووچاری "داڕزان" بن و هیچ پەلەقاژێیەك ڕزگاریان ناکات.

بلومنباخ لە ١٨٤٠/٠١/٢٢ دا مرد، ئەو کاتە داروین Charles Robert Darwin تەمەنی ٣١ ساڵ بوو و گەیشتبووە ئەو بیرەی کە گەڵاڵەی کردبوو و ناوی نابوو "گۆڕانی توخمەڕەگەزەکان transmutation of species". داروین ئەم بیرەی لەسەر بناخەی تێزەکانی بلومنباخ لەمەڕ داڕزانی ڕەگەزەکان "degeneration" داڕشت.

بۆ داروین ئەوە بێنەوبەرەی هەڵنەدەگرت کە هەموو ئەو جۆرە توخمەڕەگەزانەی "species " [داروین وشەی ڕەگەز بەکار نابات، بەڵکو وشەی "جۆر" یان "توخمەڕەگەز" بەکار دەبات] لە ناو سرووشتدا هەن خاوەنی خەسڵەتێکی تایبەتین کە بڕیار لەسەر مانەوە یان تیاچوونیان دەدات. ئەوەبوو پاشان داروین درێژەی بەم بیرەی دا و لە یەکێك لە هەرە بەرهەمە ناودارەکانی دونیادا پەرەی پێدا کە کتێبی " On the Origin of Species" بوو.

لەو کتێبەدا بە کورتی داروین ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە لە سرووشتدا کۆمەڵێك توخمەڕەگەزی جیاواز دەژین. ئەوانەی کە لە ناخدا لاوازن ناتوانن لە درێژخایاندا لەسەر ژیان بمێننەوە. بە واتایەکی دیکە ئەوی بە جۆرێك "لاواز" بوو یان بە "لاواز" دەبینرا بە نەمان داد درابوو. ئەوی ئەو دادەی دابوو سرووشت بوو. لەبەرئەوە نەمانی توخمەڕەگەز یەك لە دوای یەك شتێك نەبوو ببێت بە جێی نیگەرانی.

بە پێی ئەم بیرە کە نەخۆشیی باڵندە و ئاژەڵ و مرۆڤی ئوروپایی دڕی بە باڵندە و ئاژەڵ و مرۆڤی کیشوەرەکانی دیکە دەدا و پاش ماوەیەك بە لادا دەهاتن، ئەوە خەتای شێوەی ئەوان خۆیان بوو، ئەوان لە جنسێکی باش نەبوون و لە چاو ئوروپییەکاندا عادیی بوون و لەبەرئەوە دەمردن.

هیتلەر تەنها ٥٦ ساڵ ژیا، بەڵام لە سەرەتای لاویدا فریا کەوت کە زۆربەی ئەو نووسراوانەی سەبارەت بە ڕەگەزەکان نووسرابوون بخوێنێتەوە و کاتێك لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا بوو (ساڵی ١٩٣٣) بوو بە کانسلەری (سەرۆکی) ئەڵمان و بیری سۆسیالیسمی ناسیونالیستی لەسەر ئەو بیرانە و بیری چارلس داروین داڕشت. بە بەڵگەوە ڕوونە کە داروین مەبەستی لە ڕەگەزپەرستیی نەبوو، بەڵام قسەگەلێکی گوت کە بوون بە بناخەی ڕەگەزپەرستیی. ئەو دەم کەس نەیدەزانی کە بە دە ڕۆژ پێش ئەوەی پێ بنێتە تەمەنی ٥٧ ساڵە هیتلەر دەبێتە هۆی کوشتنی نێزیکەی ٥٠ ملیۆن مرۆڤ و سووتاندنی نیوەی جیهان.

توماس جێفەرسەن Thomas Jefferson سێهەم سەرۆککۆماری ئەمەریکا بوو. ئەم لە ناوەڕاستی کوشتن و بڕین و بە کۆیلەکردنەکانی ئەمەریکا و ئوروپادا لە دایکبوو. کاتێك شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ دا ڕوویدا ئەم وەك سەفیر لە فەڕەنسا ژیابوو. توماس جێفەرسەن تەمەنی ٤٦ ساڵ بوو و لە گەرمەی خەباتی سیاسیدا خۆیدا بوو کە لە ساڵی ١٨٠١ دا بوو بە سەرۆککۆمار. ڕۆشنبیرێکی دانا و لێهاتوو و داهێنەر بوو و یەکێکیش بوو لەوانەی کە لە داڕشتنی مانیفێستی (بەیاننامەی) سەربەخۆیی ئەمەریکادا باڵا دەست بوو. هەروەها ئەو کەسە بوو کە زانکۆی ڤیرجینیای دامەزراند. بەڵام لە گەرمەی هەموو ئەو لایەن و خەسڵەتە باشانەدا کە هەیبوو پیاوێك بوو کە تەنها ئاوری لە ڕەگەزی سپی دەدایەوە و خۆی یەکێك بوو لە خاوەن کۆیلەکان.

جێفەرسەن عاشق بە ڕەگەزی سپی و نەفرەتی ڕەگەزی ڕەش بوو.

---

[11] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٨.

[12] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٩.

[13] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٨٦.

[14] **worsening of condition:** the process of becoming physically, morally, or mentally worse
http://encarta.msn.com/dictionary_/degeneration.html

توماس جێفەرسەن پێی وابوو کە "جیاوازیەکان [لە نێوان "ڕەگەزەکان"دا] سرووشت بڕیاری دابوو".
کاتێك سرووشت بڕیار لەسەر پرسێکی وا گرینگ بدات کەنگێ خەتای مرۆڤە چی ڕوو دەدات یان ڕوو بدات؟ ئەوە چارەنووسی سرووشتکردە کە "جوان" لە "ناشیرین" و "بەهێز" لە "لاواز" و "ئاقڵ" لە "بێئەقڵی" بباتەوە.
توماس جێفەرسەن لە وتارەکەیدا خۆی پرسیار دەکات کە بۆ ناتوانرێت ڕەشپێستەکان ئازاد بکرێن و بخرێنە کاروباری دەوڵەتەوە تا جێگای پارەی تێچوون و خەرجی هێنانی سپیپێستان لە دەرەوەوە بگرن. خۆی وەڵاممان دەداتەوە و دەڵێت ئەمە لانی کەم دەبێت بە جووکدانێکی دژ بە سرووشت، واتە دەست دەخەینە ناو ئەو جیاوازیەوە کە سرووشت خۆی لە پشتیەوەیەتی [کە دروستە] و پاشان هۆی دیکەش دەهێنێتەوە. هەڵبەت توماس جێفەرسەن پێی وایە هۆی دیکەش هەن کە سیاسیی نین، بەڵام کە گرینگن، ئەویش هۆی فیزیکی و ڕەووشتیە. بەو شێوەیە بە گۆترە دەکەوێتە باسی ڕەشبوونی پێست و ڕەشبوون لە قووڵایی پێستدا و ڕەشبوونی خوێن و ڕەشبوونی جگەر. ئاکام ئەوانە دەکات بە هۆی بەرچاو و بە بەڵگەی سەلماندن بۆ جیاوازی سپیپێست و ڕەشپێست لە یەکتر و پرسیار دەکات: ئایا ئەمە گرینگ نییە، ئایا ئەم جیاوازیانە بێ بایەخن؟[15]
لە کۆتاییدا جێفەرسەن دەڵێت: "چی تریان لەگەڵدا بکرێت؟ ... کۆیلە کاتێك ئازاد دەکرێت، دەشێت [لە ڕووی زاووزێوە] تێکەڵ بێت، بێ ئەوەی کە خوێنی سەروەرەکەی لەکەدار بکات. بەڵام سەبارەت بە ئێمە، خاڵێکی دیکەش پێویستە، کە لە مێژوودا نەبیستراوە، کاتێك ئازاد دەکرێت، دەبێت وا دوور ڕابگیرێت کە نەتوانێت تێکەڵ ببێت"[16].
یەکێك لەو ڕۆشنبیرانەی پەروەردەی دەستی ئەو نەوەیەی جێفەرسۆن بوو و نێزیکەی ٢٥ ساڵ لە جێفەرسۆن منداڵتر بوو، بەڵام لە وڵاتی فەڕەنسا وەك فەڕەنسیی لەدایکبووبوو، نەك لە ئەفریقا وەك "قولەڕەش"، جۆرجێس لیۆپۆلد کوڤیەر Georges Léopold Cuvier بوو.
کوڤیەر لە گەرمەی سەردەمی ڕۆشنگەریدا لەدایك بوو و ژیا. کاتێك نووسینەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت بۆ ئەوە لەدایکبووە کە پەیامی دژ بە "ڕەگەزەکانی" دیکەی پێسپێردرابێت. کوڤیەر، هەروەکوو کانت و بلومنباخ و جێفەرسۆن و دەیانی دیکە، ڕەگەزەکان دەکات بە پێنج بەشەوە، بەڵام بۆ ئەم سێ دانەیان سەرەکین، کە قەوقاسیی، مەنگۆلیی و ئیتیوپیایە. کیوڤەر دڵنیایە کە قولەڕەش "کەللەی سەری تێك قوپاوە و لووتی پانەوەبووە. هەڵکەوتنی بەشی خوارەوەی دەموچاوی و لێو و لچی ئەستووری بەڵگەی ئەوەیە کە دەچێتەوە سەر خێڵی مەیموون، و لەو ڕەوەدا کە لێی پێکهاتووە هەمیشە بە بەردەوامیی لەو پەڕی دۆخی تەواو بەربەریدایە".
کیوڤەر ئیلهامی بە دەیان ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی بەخشی کە بە ئاوازی دژ بە "ڕەگەزەکانی" دیکە وەك بولبولی خۆشخوان بخوێنن. چارلس وایت پاش کتێبەکەی کیوڤەر خۆی بە ڕەسمەوە دانەیەك دەردەکات و تیایدا "دەیسەلمێنێت" کە ئورووپیی لەسەرو هەموو "ڕەگەزەکانی" دیکەوەیە و دەنووسێت "لەلای ئورووپایی نەبێت لە کوێ ئەو کەللەسەرە نایابە خڕ و جوانە دەبینیت، کە هێندە مێشکی تێدا بێت؟"[17] و پاشان دێتە سەر وەسفی جوانیەکەیشی.
بەلزاك Honoré de Balzac لە کتێبی "chagrängskinnet" شاباشی ئەقڵی کیوڤەر دەکات و دەپرسێت: ئایا ئێوە هەرگیز خۆتان شل کردووە وا کە کارگەلی جیۆلۆجی کیوڤەر فڕێتان بداتە ناو هەتاهەتایی کات و شوێنەوە؟"[18].
یەکێکی دیکە چارلس لایڵ Charles Lyell بوو کە لە شەیدایی کاری کیوڤەردا ئەو ڕێچکەیەی ئەوی هەڵگرت و باس لە مردنی ڕەگەزە لاوازەکان لە پلەی جیاوازی مێژوویدا دەکات.
ئەمانە هەموو کاریگەریی جیدیان لەسەر ڕەوت مێژوو هەبوو، بەڵام هێگل، جۆرج ویلهەم فرایدریخ هێگل Georg Willhelm Friedrich Hegel، کە هەروەکوو کانت زۆری لەمەڕ ئەم بابەتە نووسی، یەکێك بوو لەوانەی تێزی خوداوەند و میتافیزیکی لە ڕۆڵی سروشتدا بەهێزتریش کرد. هەڵبەت ئەمیش هەروەك ئەوانی دیکە لە دەستی سێ و چوارەوە بەسەرهاتەکانی لە گەڕۆکەکانەوە دەبیست.
پاش هێنانوبردنێکی زۆر هێگل جیهانمان بۆ دەکات بە دوو بەشەوە، "جیهانی کۆن [خاوەن مێژوو و ڕەگ]" و "جیهانی نوێ [بێ مێژوو و بێ ڕەگ]"[19]. یەکەمیان جیهانی ئورووپا و ئەو شوێنانەیە کە دەچنەوە سەر ئورووپا و دووهەمیان ئەو کیشوەرانەن کە ئورووپیەکان یا داگیریان کردوون یان کۆلۆنیزە. لە هیچ شوێنێکیش هێگل ڕوونی ناکاتەوە جیاوازی "داگیرکردن/ زەوتکردن" و "کۆلۆنیالیزەکردن/ خۆداسەپاندن لە ڕێگای نیشتەجێبوونەوە"[20] چییە.

---

[15] Race and the Enlightenment, A Reader, Blackwell publishers Ltd 1997, Edited by Emmanuel Chkwudi. S 97
[16] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٣.
[17] Utrota varenda jävel, Sven Lindqvist, Albert Bonniers förlag, 1992, s 92.
[18] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩٣.
[19] Race and the Enlightenment, A Reader, Blackwell publishers Ltd 1997, Edited by Emmanuel Chkwudi. S 112.
[20] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨.

هێگل پێی وایە کە دانیشتووانی جیهانی نوێ بە خۆیان و ئاژەڵ و ڕووەك و درەختیانەوە هەموو لە جۆری لاوازن و بەرگەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەیەکترگەیشتن لەگەڵ ئەوانەی جیهانی کۆندا ناگرن.
"کیشوەری ئەمەریکا هەمیشە نیشانی داوە کە لە ڕووی فیزیکی و ڕۆحیەوە خەساوە، و تا ئەمڕۆیش هەر وایە. چونکە لەوەتەی ئورووپییەکان گەیشتوونەتە ئەوێ دانیشتووانی ڕەسەنی ئەمەریکا وردە وردە بە هۆی چالاکی ئورووپاییەکانەوە نەماون. تەنانەت ئاژەڵەکانیشیان هەروەکوو مرۆڤەکانیان هەمان بێتوانایی نیشان دەدەن. بێشەڵی ئەمەریکا شێر و پڵینگ و کرۆکۆدیلی تێدایە، بەڵام هەرچەندیشە کە هەر لەو شێوانە دەچن کە لە جیهانی کۆندا هەن، بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە بچووکترن، لاوازترن و کەمتر بەهێزن... هەرچی سەبارەت بە دانیشتووانی مرۆڤیەتی ئەوا تەنها چەند دانەیەك لە دانیشتووان ماونەتەوە، چونکە نێزیکەی ٧ ملیۆن لە دانیشتووانیان تاکبڕ کراون. دانیشتووانی وێست ئێندیان ئایلاندس (دوورگەکانی هیندی خۆرئاوا West Indian Islands) یەك دانەیشیان نەماوە. ڕاستیەکەی، هەر هەموو جیهانی باکووری ئەمەریکا خاپوور بووە و لەلای ئورووپاییەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە. هەندێك لە خێڵەکانی باکووری ئەمەریکا تەنانەت هەر دیاریش نەماون، و هەندێکیان نایانەوێت پێوەندیی لەگەڵ لەگەڵ ئورووپییەکاندا بگرن و خۆیان دوور دەخەنەوە. ئەم داڕزانە degeneration (داخورانە) ئەوە نیشان دەدات کە ئەمانە ئەو هێز و توانایەیان نییە کە پێکەوە لەگەڵ دەوڵەتە سەربەخۆکانی باکووری ئەمەریکادا بن"[21].
هێگل دڵنیاییە کە هەموو دانیشتووانەکانی سەرتاپای کیشوەری ئەمەریکا بندەستیەکەیان پێ خۆشە و بندەستبوونەکە بە چارەنووسی سرووشتکرد دادەنێن. ناپرسێت کە چۆنە ٧ ملیۆن مرۆڤ مردوون [بخوێنە: کوژراون]. بە ڕای ئەم تەنها یەکێك لەوانە لە دانیشتووانی باشووری ئەمەریکا لە مەکسیك، کریولیەکان Creoles، هەست بە پێویست بوون بە سەربەخۆیی دەکەن، ئەوانیش [لەبەرئەوەی] تێکەڵێکن لەگەڵ ئیسپانی یان پورتوگالی. "ئەوانە تەنها دانەیەکن کە گەیشتبنە جۆرێك لە خودئاگایی و حەز بە ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی دەکەن"[22].
هێگل لەسەر خوو و ڕەووشت و توانای هەموو ئەم مرۆڤانە کە بۆ ئەم جۆری "قولەڕەشن" بەردەوامە و دەڵێت "بیرم دێت لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە کە کەشیش ناچاربووە لە نیوەی شەودا لە زەنگ بدات بۆ ئەوەی وەبیریان بهێنێتەوە کە بە ئەرکی ژنومێردایەتی خۆیان هەستن، دەنا هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتووە کە ئەو کارە بکەن (لەگەڵ یەك جووت بن)"[23]. و بۆمان باس دەکات کە ئەگەرچی هەندێك لەوانە بوون بە کرێکار و جۆرێك لە بازرگان، بەڵام لە هەموو ئەو دانیشتووانانە و ئەوانەش کە ئازاد کراون یەك دانە، تەنها تاکە یەك دانەیان توانیوویەتی ببێت بە کەشیش، ئەویش هەر زوو، لەبەر عادەتی زۆر بادە خواردنەوە، مردووە (ل ١١٦).
هێگل پێی وایە کە ئەفریقا لە دۆخی پاشکەوتن، ئاسیا لە دۆخی لە خۆدا قەتیسمانەوە، ئەمەریکا لە دۆخی هەمیشە ناکامڵ "Incompleteness or constant non-fulfilment " و ئورووپاش لە دۆخی کامڵبوونی ڕۆحدایە (ل١٢٢).
هێگل گازەندەیەکی زۆر لە بێمێژوویی ئەفریقا دەکات و ئەم بێمێژووییە دەبەستێتەوە بە دۆخی پەی پێنەبردنی ئەوان بە خودایەك. بە ڕای ئەم لەو شوێنەدا کە خودا نەبێت ئەقڵ نییە و کە ئەقڵ نەبوو یاسا نییە و هیچ ئاستێکی ئەندێشە ناگاتە پلەی خۆناسین و چواردەورناسین و ئۆبجێکتیڤبوون، و پێ دادەگرێت کە "ڕاپۆرتە پڕ وردەکاری و جێ پڕوواکانی میسونەرەکان (پیاوانی ئایینی گەڕۆك) ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن، و وا پێدەچێت کە محەمەدیزم تەنها شتێك بێت کە توانیبێتی قولەڕەش بگەیەنێتە کولتور. محەمەدیەکان هەروەها لە ئورووپییەکان باشتریش دەزانن کە چۆن خۆیان بکوتنە ناو هەرە قووڵایی وڵاتی قولەڕەشەکانەوە"[24].
"قولەڕەش لە دڕندەیی و بێیاساییدا نموونەیەکە لە پیاوێکی ئاژەڵ، و ئەگەر حەز بکەین کە بە شێوەیەك لێی تێبگەین، ئەوا دەبێت [لە پێشدا] هەر هەموو بەرخوردی ئورووپیمان وەلانێین"[25].
هێگل، دروست هەروەکو پیاوسالارێك کە پێی وایە دەتوانێت و بۆیشیێ هەیە بە ناوی ئافرەتەوە لەسەر ئافرەت و بۆ ئافرەت بدوێت، نمایندەی ئافرەت بکات و بزانێت کە چی دەوێت و چی باشە بۆی و چی بکات و چی نەکات، هەر ئاوا بە هەمان شێوە بۆ ڕەشپێستەکان دەدوێت و دەڵێت:
"تەنها پێوەندیەکی شایانباس لە نێوان قولەڕەشەکان و ئینگلیزەکاندا هەبوو بێت - کە ئێستاش هەروایە - خودی کۆیلەیەتیەکەیە. بۆ قولەڕەشەکان ئەمە هیچ خەوشێکی نییە، ئینگلیزەکانیش، هەرچەندە ئەوی لە دەستیان هاتبێت بۆ نەهێشتنی کۆیلەیەتی و ئاڵوگۆڕ بە کۆیلەوە کردووە، بەڵام قولەڕەشەکان هەر وەك دوژمن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. چونکە یەکێك لە هەرە حەزەکانی پادشاکان ئەوەیە کە دوژمنە گیراوەکان یان ملکەچەکانی بندەستی خۆیان بفرۆشن، و تا ئەم خاڵە بە لانی کەمەوە کۆیلەیەتی بووەتە مایەی

---

[21] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.
[22] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.
[23] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.
[24] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.
[25] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

بەخەبەرهێنانی مرۆڤایەتیەکی زێدەتر لە ناو قولەکاندا. قولەکان لەلای ئورووپیەکانەوە دەگیرێن و بە ئەمەریکا دەفرۆشرێن. هەرچۆنێك بێت، چارەنووسیان لە وڵاتی خۆیاندا، کە کۆیلەیەتی تیایاندا تەواو ڕەهایە، لەم ئاڵوگۆڕە خراپترە، چونکە پرینسیپی سەرەکیی بۆ هەموو جۆرەکانی کۆیلەیەتی ئەوەیە کە مرۆڤ هێشتا تیایدا سەبارەت بە ئازادی خۆی هۆشیار نییە و سەرئەنجام ڕۆدەنیشێتە خوار بۆ ئاستی شت یاخود شتێکی بێ نرخ"[26].

هێگل ناڕاستەوخۆ، بێ ئەوەی ئاماژە بە کەسێك بکات، دەکەوێتە بەرگریکردن لە بیری خۆی و ڕای دەگەیەنێت کە "کۆیلەیەتی خۆی لە خۆیدا ناڕەوایە، چونکە کرۆکی مرۆڤ ئازادییە، بەڵام مرۆڤ لە پێشدا دەبێت کامڵ بێت [بگاتە پلەی کامڵ بوون] بەر لەوەی ئازاد بێت"[27].

بەڵام پاشان دەردەکەوێت هێگل ڕووی دەمی خۆی لە کێ کردووە.

تەنها ڕۆشنبیر و فەیلەسوفێکی سەردەمی ڕۆشنگەریی هێدەر ـ Johann Gottfried von Herder ـ کە ئەگەرچی پێی وایە ڕەگەزەکان هەن و جیاوازیشن و شتی دیکە، بەڵام پێی وا نییە ئەوانە زگماکانە بێئەقڵ و سووك و بێنرخ بن. لەسەرئەوە کانت کە مامۆستایەتی دژایەتیەکی زۆری دەکات.

هێگل کە دیارە مەبەستی لە هێدەرـ ـە یان لە خاوەنانی ئەو بیرەیە بەردەوام دەبێت و دەڵێت "جێی خۆیەتی کۆیلەیەتی هەبوونی نەبێت، کە لە مانای تەواوی خۆیدا و لە خۆیدا و بۆ خۆی ناڕەوایە. ئەم "جێی خۆیەتی" ـ یە بریتیە لە بەرخوردێکی خۆیی (سەبجێکتیڤ) و بەو شێوەیەی کە دەردەبڕدرێت هیچ جۆرە ڕەوایەت و برەوێکی مێژوویی نییە"[28].

ئەوی هێگلی ناڕەحەت کردووە ئەم ڕستەیەی هێدەر ـ ـە: "بەڵام ئێمە چەندە لە زانیاری دروست و بەڵگەدار لەمەڕ ئەم وڵاتە بێ بەشین! خۆ بە ئاستەم ڕۆخەکانی ئەم وڵاتە شارەزایین؛ و سەبارەت بە زۆر ناوچە زیاتر لەوەندەی کە گوللەتۆپەکانمان دەیانگاتێ شارەزانین. هیچ ئورووپییەکی مۆدێرن پێی نەناوەتە ناو قوڵایی ئەفریقاوە"[29].

هێگل بەردەوام دەبێت لە وەسفی ڕەشپێستەکاندا کە گەورەی ماڵ [باوك] دێت و ژنی خۆی و منداڵانی دەفرۆشێت و منداڵان دایکوبابی خۆیان دەفرۆشن و لەو پەڕی بێدەربەستیی ڕەووشتییدا دەژین و پێیان خۆشە منداڵ زۆر دروست بکەن تا وەکوو کۆیلە بیانفرۆشنەوە.

"ئەگەر ئێستا سەرنج بدەینە ستوونەکانی دەستووری سیاسیی ئەوا دەبێت ددانی پیادا بنێین کە هەر هەموو سرووشتی ئەفەریقا ئەوەیە کە ناکرێت شتێکی وەکوو دەستووری سیاسیی تیادا بێت"[30].

هێگل بەرگریەکی زۆر لە دیسپۆتیزمی ئەفریقایی دەکات و مەبەستێتی کە ئەو دەستەڵاتە وا دەکات کە بەگشتیی خەڵك و وڵات لە چوارچێوەگەلی پێوەندی ئاساییدا بمێننەوە، دەنا دۆخیان لەوەش خراپتر دەبێت کە ئەم وەسفی دەکات.

هێگل یەکێکە لە هەرە ئەوانەی کە لە لایەکەوە پێی وایە کە بە کۆیلەکردن و داگیرکردن یەکێکە لە ئەرکەکانی ئورووپاییەکان بۆ بەشارستانیکردنی ئەفریقیەکان و لە لایەکی دیکەوە کە ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم لە ئاستێکی بەرزتری شارستانیدایە و لەبەرئەوە ڕەوایە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هیچ بەڵگەیەکی زانستیی لەبەردەستدا نییە کە بیسەلمێنێت ڕۆشنبیران و فەیلەسوفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریی بە مەبەست ڕەگەزپەرست بووبن، بەڵام لەو ڕووەوە کە بێ هیچ بەڵگەیەك و بە پشت بەستن بە گێرانەوەی کەسانێك کە جێی باوەڕ نەبوون هاتن مرۆڤیان کرد بە ڕەگەزی جیاواز و دەستیان کرد بە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و قووڵکردنەوەی ئەو تێزەیان، هەلێکیان بۆ دەستەڵاتی پاشایەتی و سەرمایەداریی لاوی ئورووپا خۆش کرد کە بە ئارەزووی خۆیان ئەو تێز و دەلیل و دەلیلهێنانەوانە لێك بدەنەوە.

هەڵبەت کەسانی وەکوو جۆرج مۆس Gorge L. Mosse هەن پێیان وایە "ڕەگەزپەرستیی ئورووپا لەو دۆخگەلە ڕۆشنگەریانەدا ڕەگی داکوتابوو کە لە سەدەی هەڤدەهەمدا دەرکەوتن، هەم لە ئورووپای خۆرئاوا و هەم لە ناوەڕاستی ئورووپاش، واتە لە ناو زانستە نوێیەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریی و پاێتیزمی ژیاندنەوەی کریستیانیزمدا. ڕەگەزپەرستیی لە ڕاستییدا بەرهەمی یەك دانە نەتەوەی تایبەت یان گەشەی کریستیانیزم نەبوو، بەڵکو ڕووانگەیەکی جیهانیی بوو کە نوێنەری تێزگەلی جیهانی کۆن و نوێ بوو... بەو شێوەیە مێژووی ڕەگەزپەرستیی ئورووپا دەبێت وا ببینرێت کە لە سەدەی هەڤدەهەمدا سەری هەڵدا بێت،

---

[26] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.

[27] هەمان لاپەڕەی پێشوو،

[28] هەمان لاپەڕەی پێشوو،

[29] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٧٤:

"But how deficient are we in authentic information respecting this country! We barely know its coasts; and are in many parts acquainted with these no further than our cannon ´s reach. No modern European has traversed the interior of Africa"

[30] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

جا هەرچەندە دیاردەی وابەستە بەم مەسەلەیە لە پێشووتریشدا بدۆزرێتەوە. لە سەدەی هەڤدەهەمدا بوو کە ساختمانی بیری ڕەگەزپەرستیی بۆ یەك سەدە و سێ چارەکە سەدەی دوای خۆی بەهێز کردرا و خرایە بەردەست"[31].

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەڕۆکەکانی ئورووپا بە جیهاندا بڵاوبووبوونەوە. بە پێی گێڕانەوەکانی خۆیان هەندێکیان گەیشتبوونە ئەفریقا و هەندێك بە ئاسیا و بە لاتینی ئەمەریکا. هەر لەو دەمەوە ئورووپییەکان وێنەیەکی نائورووپییەکانیان، لەو سەرچاوانەوە، لەبەرچاو بوو.

لەسەرەتادا ئورووپییەکان دز و جەردەی زیندانەکانیان بەرەڵا دەکرد و بە سواری کەشتیەکانیان دەیانناردن بۆ داگیرکردن. لە دۆخی ئوستراليا و نیوزلەندەدا داگیرکردنەکە لە سەرەتادا هەر بە دز و جەردە کرا و پاش ماوەیەکی درەنگ سوپای ئاسایی جێی ئەوانەی گرتەوە.

کەشتی هەڵمیی تۆپ لەسەر دابەستراو هەر زوو بوو بە سیمبوڵی نەبەزینی ئورووپاییەکان. بۆ یەکەم جار بوو لە مێژوودا هەموو ئەو بار و قورساییە بێ وەستان بەسەر پشتی دەریاکاندا بێ دەربەست پروات. ئورووپاییەکان لە توانای جمان و ئاگردانی گوڵلەدا بوون بە خوداوەندێك. ئەم خوداوەندانە دەمێك بوو لە دەست کەسانێك وەڕس بوون کە پێیان وابوو دەبێت نەفرەتیان لێ بکرێت و کۆیلەی خۆیان بن. ئەو کەسانە هەموو دانیشتووانی ڕەسەنی وڵاتانی ئەو بەری کیشوەری ئورووپا بوون. ئەوەبوو، سوپاس بۆ بەرهەمی ڕۆشنبیرانی ڕۆشنگەریی، دەستەڵاتدارانی ئورووپی بوون بە خاوەنی دەلیل و دەیانتوانی ئاماژە بە لێکۆڵینەوەی جیاواز بکەن کە ناویان لێ نابوو "زانستیی".

کۆلۆنیالیزمی ئورووپایی، لەوانە ئینگلستان، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، هۆڵەند و تا ڕادەیەك ئەڵمانیا، گەیشتنە خاکی جیاواز لە ناو کیشوەری ئەفریقا و ئاسیادا.

کوشتنی بەکۆمەڵ، سووتاندنی خاك، وێرانکردنی شارۆچکە و گوند، بە کۆیلەکردنی هەزاران کەس، تەجاوەزپێکردنی بەکۆمەڵ، شکاندنی کەسایەتی سەرتاپای نەتەوەیەك، بەدناوکردنی کولتور و فەرهەنگ، بەناشیرین ناوزەندکردنی ڕووخسار و کەسایەتی کەسانی ئەو نەتەوانە بوو بە کاری ڕۆژانەی سیاسەتی کۆلۆنیالیەکان.

کۆلۆنیالیزم بوو بە سیستەمێکی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی.

پێوەندیەکان لە نێوان پێوەندی دەستەڵاتدار و بێدەستەڵات، خاوەن هێز و بێهێز، سەردەست و بندەستدا خولاسە بووەوە.

لایەنێك بە چەشنێك خاوەنی هێز و دەستەڵات بوو کە نەدەکرا کێبرکێی لە تەکدا بکرێت. هاوکات کە پێویستی ئورووپا بە کەرەستەی خاو تا دێت زیاتر دەبوو.

"ج.ب. دەنلۆپ J. B. Dunlop جەڕاحێکی سکۆتلاندی بوو، ساڵی ١٨٨٧ ئەو بیرەی بۆ هات چوویێکی وا بۆ تایەری پایسکلی منداڵەکەی دروست بکات کە بای تێ بکرێت. چوویی با تێکراو ساڵی ١٨٨٨ دروست کرا. ئەو ساڵانەی پاش ئەوە داوایەکی زۆر بۆ هەبوونی لاستیك پەیدا بوو... پادشا لیۆپۆڵدی دووهەم Leopold II کە بە لەقەب دۆستی مرۆڤایەتی بوو لە ٢٩ مانگی نۆ ساڵی ١٨٩١ دا فەرمانێکی دەرکرد کە مافی بە نوێنەرانی خۆی لە وڵاتی کۆنگۆ دەدا کە لەسەر 'بازرگانیکردن' بە لاستیك و ئێسکی فیل خاوەنی مۆنۆپۆل بن ... نوێنەرانی لیۆپۆڵد سووك و هاسان دەستووری کارکردن و کۆکردنەوەی لاستیك و ئێسکی فیلیان بە دانیشتووانی دەدا بێ ئەوەی کە پارەیەکیان بدەنێ. ئەوانەی بە قسەیان نەکردنایە ماڵیان دەسووتێنرا، منداڵیان دەکوژرا و دەستیان لە مەچەکیاندا لێ دەکرایەوە"[32].

ئی جەی گالڤێس پەروەردەی بیری کریستیانیزم، بە ئەزموونی مێژووی خوێناوی کاتۆلیزمەوە لە لاتینی ئەمەریکا و پاشان جۆرێکی دیکەی کریستیانیزم لە کردەی ئایینی پێی وابوو کە دانیشتووانی ئەفریقا دەبێت "بەو پەڕی توندوتیژیەوە لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکرێت" و دەبێت هێرش بکرێتە سەر گوندەکانیان "ئەگەر نەیانەوێت کار بۆ بەرژەوەندی وڵات [مەبەستی لە وڵاتی خۆیەتی نەك ئی ئەوان] نەکەن". پاشان درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت "ئەوە نەك هەر تاوان نییە، بەڵکو کردارێکی باشە کە ئەوان ناچار بکرێن کار بکەن ... ئەو شێوازانەی بەکار دەبرێن توندوتیژن، بەڵام خۆ دانیشتووان قەناعەتیان پێ ناکرێت، بەڵکو دەبێت بە زەبر بخرێنە سەر ڕێ"[33].

بەڵام کاتێك ساڵی ١٨٩٥ دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگۆ و ئەو زوڵمە بێ مانایە بە چاوی خۆی دەبینێت دەست دەکات بە نووسینەوەی بیرەوەریەکانی کە ئەگەر ئەو کاتە باش بخوێنرایەتەوە ڕەنگە زۆری لە مێژووی داگیرکردن بگۆڕیایە. گالڤێس دەنووسێت:

"قامچی پێستی کەرکەدەن، بەتایبەتی قامچیەکی تازە کە وەکوو پرچ دەهۆنرێتەوە و کەنارەکەی وەك دەمەچەقۆ تیژە، چەکێکی تا بڵێی بەدفەڕە و پاش چەند وەشاندنێك خوێن دەهێنێتە دەر. پیاو هەرگیز نابێت

---

[31] Toward the Final Solution, A History of European Racism. Gorge L. Mosse 1978, 1985. s xxix

[32] Utrota varenda jävel, Sven Lindqvist, Albert Bonniers förlag, 1992, s39.

[33] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

له ٢٥ قامچی زیاتر بووەشێنێت ئەگەر تاوانەکە زۆر گەورە نەبێت. تەنانەت ئەگەر ئێمە وای دابنێین کە پێستی ئەفەریقایی ئەستوورە هێشتا پێستێك دەبێت تەواو ئاسنین بێت کە بتوانێت بەرگەی سەد دانە لەو سزای قامچی وەشاندنە بگرێت. عادەتەن کەسە لێدراوەکە پاش ٢٥ یان ٣٠ دانە قامچی بێهۆش دەکەوێت. هەر لە یەکەم قامچیدا ئەو کەسە هاوارێکی جەرگبڕی لێ هەڵدەستێت و پاشان لە گۆ دەکەوێت و تەنها لەشێك دەبینیت کە لە نرکە و مووچڕکەدایە هەتاکوو لێدانەکە تەواو دەبێت. دیارە ئەو لێدانە لە پیاو چەند بە ئازارە، بەڵام لەوەیش خراپتر ئەوەیە کە ئەو سزایە بەسەر ژن و منداڵدا بدرێت. منداڵی بچووکی تەمەن ١٠ و ١٢ساڵ کە خاوەنەکانیان دڵڕەق و تووڕەن بە زۆریی هەر زۆر خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت... من دوو منداڵم بینی کە زۆر خراپ بریندار کرابوون. بە هەستی ویژدانم دەزانم پیاوێك کە سەد قامچی لێ دراپێت لە مەرگ نێزیك دەبێتەوە و هەتا دەمرێت شکاو دەبێت"[34].
گەر ئی جەی گالڤێس بەجێبهێڵین و ئاوڕێك بۆ دواوە بدەینەوە دەتوانین فرێدریك دۆگلاس و سەدان هەزاری وەك ئەو ببینین.
فرێدرێك دۆگلاس[35] یەکێك بوو لەو کۆیلانەی مێژووی کۆیلەیەتی بەدناو کرد و لە مێژووی تۆمارکراودا مۆرکی ڕووڕەشیی بە تەوێڵی کۆلۆنیالیزمەوە نا. فرێدرێك دۆگلاس کۆیلەیەکی نەخوێندەوار بوو و خۆی فێری خوێندەواری کرد و بەسەرهاتی ژیانی خۆی نووسیەوە. ئەو دەمەی فرێدرێك دۆگلاس ئەو دێڕانەی دەنووسی دەمێك بوو کوڕانی چینی ئەرۆستکرات و بەگزادەی ئورووپا لە گەرمەی باسی سۆسیالیزمدا بوون.
فرێدریك ئەنگڵس لە ٢٨ نۆڤەمبەری ١٨٢٠ لە دایك بوو، کارل مارکس لە ٥ مەی ١٨١٨ دا.
یەك دوو ساڵ زووتر یان درەنگتر لە ئەنگڵس و مارکس فرێدرێك دۆگلاس لە دایك بوو. فرێدرێك دۆگلاس دەڵێت کە هەرگیز کۆیلەکان نەیاندەتوانی لەوە نێزیکتر ببنەوە کە کاتی لەدایکبوونیان کاتی "چاندن، دوورینەوە، بەڵالووك، بەهار، پایز" و لەو شتانە بووە.
بەو پێیەی کە خاوەنەکەی بۆی گێڕاوەتەوە، فرێدرێك دۆگلاس، لە ساڵی ١٨٣٥ دا تەمەنی نێزیکەی ١٧ ساڵ بووە.
ئەو کاتە ئاڵای کۆیلەیەتی، وەك ئاڵای خەباتی بیسمارك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ ئەڵمانەکان و وەك خەباتی سۆسیالیستەکانی فەڕەنسا و ئینگلستان بۆ دادوەریی و مافی مرۆڤ، دەشەکایەوە. بیسمارکیش، لە دایکبووی ساڵی ١٨١٥، هاوتەمەنی ئەنگڵس و مارکس و دۆگلاس بوو.
فرێدرێك دۆگلاس لە جیای ئەوەی خاوەنی ئاڵایەکی شەکاوە بێت، خاوەنی دایکێکی تەجاوەزپێکراو بوو. باوکی فرێدرێك دۆگلاس خاوەنە سپیپێستەکەی بوو کە هەرگیز فرێدریکی بە کوڕێ خۆی دانەنا.
ئەو کاتە بە ناوی خوداوەوە نەفرەت لە مرۆڤ دەکرا و کۆیلەیەتی لە گەرمەی خۆیدا بوو.
نێزیکەی پەنجا ساڵ پێش ئەوەی گالڤێس باسی ناخۆشی ئەو قامچی وەشاندنە بکات وا کە خوێن فیچقە دەکات و لەش هەر فریای مووچڕکەدان دەکەوێت، فرێدرێك دۆگلاس، باس لەو ئازارە دەکات و دەنووسێت کە ئەوە خودی لێدانەکە نییە کە بێتام و نامرۆڤیانەیە و پێناسەی کۆیلە بە کۆیلە دەدات. ئەوی کۆیلە بە کۆیلە دەکات خودی بەکۆیلەکردنەکەیە.
بەڵام ئەو کاتە هیچ بێچووە ئەریستۆکرات و بەگزادەیەکی ئورووپا گوێیان لەوانە نە دەگرت کە داگیر دەکران یان بە کۆیلە دەکران. ئەو باسەی گالڤێس دەیکات لە کۆنگۆی بەلجیکادا ڕووی دا، فرێدرێك دۆگلاس لە مێسیسیپی لە کیشوەری ئەمەریکا ئەو قامچیانەی لێ دەدرا.
ئەو کاتە کۆیلەیەتی و هەڵپەی کۆلۆنیالیزم بۆ داگیرکردن لە گەرمەی خۆیدا بوو، هەر هەموو ئەفریقا و ئەمەریکا و ئوسترالیا و نیوزلەندا و نیوەی ئاسیا دووکەڵی ئاگرتێکەوتن و خوێنی قامچی وەشاندنی لێ دەهات.
"سەربازەکانی دەوڵەت [مەبەستی لە سەربازەکانی دەوڵەتی بەلجیکایە لە کۆنگۆ] بە بەردەوامی دزی دەکەن، هەندێك جار دانیشتووان هێندە هەست بە ڕاوەدوونان دەکەن کە لە حەیبەتاندا ئازاردەرەکانیان دەکوژن و پاشان لە داخاندا گۆشتەکەیان دەخۆن. لەو دواییەدا بازگەیەك لە ناوچەی لۆمامی دوو پاسەوانی نەما کە دانیشتووان کوشتبوویانن و گۆشتەکەیان خواردبوون. [دەوڵەت] عەرەبەکانی نارد کە پڕۆن و سزای دانیشتووان بدەن، لە ئاکامدا ئافرەتان و منداڵانێکی بێ ئەژمار بە دیل هێنران و ٢١ کەللەسەری پڕداویش بۆ ناوچەی فاڵن هێنرا. *کاپتن ڕۆم سەر پەرژینی چواردەوری خانووەکەی خۆی بەو کەللەسەرانە دەڕازێنێتەوە*"[36].
ئەمە ئەو چیرۆکانە بوو کە لە دەستی سێ و چوارەوە دەگەیشتە ڕۆشنبیرانی ئەو دەمەی ئورووپا و ئەوانیش هەر لەخۆیانەوە، بە پشت بە ستن بە کولتور و فەرهەنگی ئورووپیی، زانستی ئانترۆپۆلۆژی و

[34] هەمان لاپەڕەی پێشوو.
[35] Narrative of The Life of Fredrick Douglass, An American Slave. An Anchor Book, Published by Doubleday. Boston, Published at the Anti-Slavery Office, No. 25 Cornhill, 1845.
[36] Utrota varenda jävel, Sven Lindqvist, Albert Bonniers förlag, 1992, s38.(خەتی جەخت ئی من نییە/ ڕێبوار)

کۆمەڵناسیی و سرووشتناسییان لەسەر هەڵدەچنی. بەڵام هیچ ڕۆشنبیرێکی ئەو سەردەمە هەرگیز ڕاستایەتی ئەو بەسەرهاتانەیان نەخستە ژێرپرسیار و پرسیاری زەحمەت و گرانیان نەکرد.
کاتێك ڕەشپێستەکان دەگاتە تینیان و وەڵام دەدەنەوە، بەڵام دووچاری زێدەزەبری زیاتریش دەبن. ئەو کاتەی ئوروپاییەکان بووبوون بە خاوەنی تفەنگی باش هیچ هێزێك لەبەریاندا خۆی نەدەگرت. لە سودان "لە شەڕی ئومدورماندا هەر هەموو دامەزراوەی جەنگیی سودانی لەناو بردرا بێ ئەوەی کە تەنها تاکە یەك جاریش بتوانێت دوژمن بخاتە ناو مەودای گوللەی خۆیەوە"[37].
"هونەری لە دوورەوەکوشتن هەر زوو بوو بە هونەرێکی تایبەتی ئوروپایی. کێبرکێی تەقەمەنی لە نێوان وڵاتانی ئوروپای سەر ڕۆخدا لە ساڵانی ١٦٠٠ کاندا هەر زوو بوو بە هۆی دروستکردنی پاپۆری جەنگیی کە نیشانیدا دەتوانێت، زۆر دوور لە وڵاتی خۆیەوە، شەڕی ستراتیژیی بکات. تۆپە دابەستراوەکانی سەریان دەیانتوانی زۆر قەڵای لەوەبەر پەی تێنەبراو پرووخێنێت. خۆ دژ بە گوندگەلی بێ پارێزەی بێ دەستەڵات ئەوە هەر زۆر کاریگەرتر بوون"[38].
ئوروپا بوو بە خوداوەندی زەبر و بەو شێوەیەش بوو بە خوداوەندی تۆڵەستاندنەوە.
ئەوە خەونێك بوو دەمێك بوو دەستەڵاتی ئوروپیی سەرمەست دەکرد. مرۆڤی سەرەتایی لە شەوی تاری ئەشکەوتەکاندا، ترساو لە هەموو جۆرە خشە و برووسکە و هاژەیەك، بوو بە ئاشقی ئاگر و کردی بە خوداوەندی خۆی. بەڵام خۆر و مانگ و ئەستێرەش هەم بەسام بوون و هەم بەسوود و ئەوانیش کران بە خوداوەند. خوداوەند ئەو شتەبوو کە لە هیچ شوێنێك نەبوو و لە هەموو شوێنێکیش بوو، توانای هێنانوبردن و کوشتن و پرینی هەبوو، هاوکات کە باوەشی حەواندنەوەی مەزن و گەرم بوو. داهێنانی چەك ئوروپای کرد بەو خوداوەندەی کە چەندین ساڵ بوو مرۆڤ شەیدای دەستەڵاتی بوو. ئێستا ئوروپا خاوەنی ئەو هێزە خوداییە بوو کە نەدەبینرا و هەر لە دوورەوە دەیتوانی غەزەبی خۆی وەك نەفرەت بیارێنێت، دەیتوانی لە دووررادا یەك گوند بە چەند تۆپێك ئاگر تێبەربدات و ئێسکوپرووسك لەو ناوەدا بە ئاسماندا بیات، دەیتوانی ئەو سەرە بنەوێنێت کە لە ئاستی نەدەچەمایەوە.
سڤێن لێندکڤیست گوتەنی "زەبر گرینگترین بەرهەمی ناردنەدەرەوەمان بوو"[39].
کارل پێتەرس Carl Peters لە کتێبەکەی خۆیدا، ڕۆشنایی نوێ لەسەر هەرە تاریکایی ئەفریقا Nytt ljus öfver det mörkraste Afrika، باسی دەکات کە چۆن خەڵکی گۆگۆ ـ ـی ناچار بە ملەکەچی کردووە. کوری سەرۆکی گۆگۆ دێت بۆ لای خێوەتەکەی پێتەرس و "تەواو بێشەرمانە" ڕادەوەستێت و کاتێك پێتەرس تێیدەخوڕێت پرواتـ ئەم هەر ڕادەوەستێت و بە پێکەنینەوە تێی دەڕووانێت. پێتەرس فەرمان دەدات بەر قامچی بدرێت و لە ناڵە و هاواری ئەو خەڵکی گۆگۆ بە پرتاو دێنە سەری و دەیانەوێت ئازادی بکەن. پێتەرس گوللە بە ڕەشاوەییەکەوە دەنێت و یەکێکیان لێ دەکوژێت. پاش نیو سەعات سوڵتان نوێنەرێکی خۆی دەنێرێت و داوای ئاشتیی لێ دەکات. پێتەرس وەڵامەکەی دەنێرێتەوە:
"ئاشتیی بە سوڵتان دەبەخشم، بەڵام ئاشتیی هەتاهەتایی. نیشانی گۆگۆکانی دەدەم ئەڵمانەکان کێن!" ئەوجا فەرمان دەدات "گوندەکە تاڵان بکەن، ئاگر بەربدەنە ماڵەکان و هەر شتێك لە سووتان نایەت [بە تەور] بیشکێنن".
پێتەرس دەگێڕێتەوە کە "تا سەعات چوارونیوی پشنیوەڕۆ ١٢ گوندمان سووتاند و هێندە گوللەم بە تفەنگەکەم تەقاندبوو کە ئیتر پێم هەڵنەدەگیرا". لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووایدا سوڵتان ٣٦ گا و دیاری دیکە دەنێرێتە خزمەت پێتەرس، "ئەوجا باوەڕم بە خۆم هێنا کە موڵەتی بدەم و بەو پێیە ئەویش بە باڵادەستیی ئەڵمان لەسەر خۆی ڕازی بوو"[40].
بە پڕوای سڤێن لێندکڤیست مێژووی نوێی ئیمپریالیزم لە سەدەی هەژدەدا ئەو کاتە بوو کە ڕۆبەرت فوڵتۆن Robert Fulton یەکەمین کەشتیی هەڵمیی بە ڕووباری هودسۆن Hudson دا لێخوری. "هەر زوو بە زوو سەدان کەشتیی هەڵمیی لە ڕووبارەکانی ئوروپادا لووشکەیان دەهات. لە ناوەڕاستیی سەدەی هەژدەهەمدا کەشتیە هەڵمیەکان دەستیان کرد بە هەڵگرتنی تۆپە ئوروپاییەکان بۆ هەرە ناو قووڵایی ئاسیا و ئەفریقا"[41].
ماکگرێگۆر لەیرد Macgregor Laird بە خۆشیەوە باس لە ڕۆڵی کەشتیە هەڵمیەکان دەکات و بە هەڵگری بیری ئاشتی و برایەتیان دادەنێت و دەنووسێت کە کەشتیەکان "باری ئاشتی و باشمەبەستیی نێوان مرۆڤیان بەرەو شوێنگەلی تاریکی جیهان کە پڕن لە دڕندەیی هەڵگرتووە"[42].
ساڵی ١٩٠٧ ئەو ساڵە بوو لە ئوروپا کە گفتوگۆ لەسەر مافی مرۆڤ، مافی دەنگدان بۆ گشت، مافی هاووڵاتیبوون، کەمکردنەوەی سەعاتی کار، مووچەی ڕەوا و شتی گرینگی دیکە لەو پەڕی گەرمیدا بوو.

---

37 هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.
38 هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.
39 هەمان لاپەڕەی پێشوو.
40 هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.
41 هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.
42 هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

بەرەی سۆسیالیستی و سۆسیالدیموکراتیی و لیبرال لە زۆربەی زۆری وڵاتەکاندا بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و دەستەڵاتی پادشایی زیاتر و زیاتر لەسەر حوکم شل دەبوون. هەمان ساڵ، ساڵی ١٩٠٧ درێژترین پەرژینی دژ بە کەروێشك Rabbit-Proof Fence تەواو کرا. ئەو پەرژینە لەلایەن حوکمەتی ئوستارلیاوە دروست کرا. لە ناوچەی Starvation Boat Harbour لە خوارووی ئوسترالیاوە تا Cape Kerauden درێژبووبووەوە. بەڵام لە ڕاستیدا دوو دانەی دیکەش بە ئاراستەی جیاواز دروست کران و دروستکردنیان نێزیکەی حەوت ساڵی پێچوو. درێژایی هەموویان ٣٢٥٦ کیلۆمەتر بوو. ئەو پارچە درێژە یەکسەریەیان بە تەنیا ١٨٣٣ کم درێژ بوو. ئەو کاتە ئوتومبێل لە سەعاتێکدا ئەوپەڕی سی (٣٠) کیلۆمەتری ڕێگا دەبڕی و ئەگەر بیتوانیایە بێ وەستان برِوات نێزیکەی دوو ڕۆژ و نیوی بۆ بڕینی ئەو مەسافەیە پێ دەچوو. مرۆڤی گەورەساڵی تەندروست کە بتوانێت بە گوڕ برِوات، ئەو کاتەش هەر وەکوو ئێستا، ئاوا پێنج کیلۆمەترێکی لە سەعاتێکدا دەبڕی و پێویستی بە ١٥ ڕۆژ زیاتر بوو بۆ ئەوە. خۆ ئەگەر منداڵ و ژن و پەککەوتە و بەساڵداچوو بوونایە و دونیا گەرم یان باران بووایە ئەوا بڕینی ئەو مەسافەیە زۆر زیاتری پێ دەچوو.
پەرژینی دژ بە کەروێشك لە کردەوەدا بوو بە پەرژینی بەستنەوە و هێشتنەوەی ئابۆرجینیەکان. ئەوەی تەلبەندەکەی بە دروستکردن دابوو لەوە دەچوو لەو کاتەدا بیری لە باڵای ئابۆرجینیەکان کردبێتەوە نەك بازی کەروێشك، چونکە بەرزاییەکەی دروست باڵاڕووانی ئابۆرجینیەکان بوو.
ئەو پەرژینە تەلبەندە، دروست وەك مووچڕکی خورپەی دڵ، ڕاستەوراست بە ناوەڕاستی خاکی ئابۆرجینیەکاندا دەڕۆیشت. دەبێت چ داخێکی گران بوو بێت لەسەر دڵیان کە بەدەستی بەستراوەوە ڕووەو بێگاریی، بێ خۆراك و ئاو و دوور لە منداڵیان، دەیانبردن. بردن و ڕاپێچانێك کە دەیانزانی هەرگیزاوهەرگیز نە ئەوێندەرێ و نە خۆشەویستانیان نابیننەوە.
ساڵی ١٩٩٦ نووسەری ناودار، دۆریس پیلینگتۆن Doris Pilkington (لە ئەسڵدا ناوی نوگی گاریمارا ـ یە Nugi Garimara)، کتێبێکی بە ناوی Follow the Rabbit-Proof Fence نووسی. لەوێدا باس لە سێ کچی منداڵی ئابۆرجینی دەکات کە لە دەستبەسەریی هەڵدێن و بە نۆ هەفتە بە درێژایی ئەو پەرژینە ڕێ دەبڕن و دەگەنەوە ماڵی خۆیان. پەرژینەکە لە بەختی بێبەختیاندا دەیانباتەوە شوێنی خۆیان.

## لایەنێکی دیکەی کۆلۆنیالیزم

لە ناوەڕاستیی ئەو سووتاندن و وێرانکردن و بەکۆیلەکردن و بەکۆمەڵکوشتن و دەستدرێژیانەدا ئوروپپیەکان حاڵیی بوون کە بێ لە خۆبەتاڵکردنەوە و دابینکردنی لووتبەرزی و خۆهەڵکێشان دەتوانن گرینگترین شتیان دەست بکەوێت کە لە مێژوودا نەك هەر پێشی خستن، بەڵکو لەوە دەچێت بۆ هەتاهەتایە سەرکەوتنی بۆ زامن کردبن: ئەویش پارە بوو.
ئەو کاتە هێشتا نەوت نێزیکەی ٢٠٠ ساڵی مابوو بدۆزرێتەوە. بۆنی هەوای نەوت نەگەیشتبووە لووتی هیچ ئورووپاییەك، بەڵام هێزێکی کاری لەبننەهاتوو و بازاڕێکی بەلاش و خۆرایی لەو وڵاتانە هەبوو، هەروەها کەرەستەی خاویش کە ئەو کاتە گرینگ بوو، وەکوو لاستیك، ئێسکی فیل، دار، ئاسن و شتی لەو جۆرە. ئەفریقا و لاتینی ئەمەریکا و وڵاتی وەکوو هیندوستان گۆڕانکاری هەرگیز لەوەبەر بە خۆنەبینراویان بە خۆیانەوە بینی. بە دەیان هەزار کیلۆمەتر هێڵی ئاسن لەمسەری وڵات بۆ ئەو سەر و بە ناو قووڵایی وڵاتدا ڕاکێشرا، شیرکەت و کۆمپانیای گەورە و ئینفراستروکتور دامەزرێنران و هەموو ئەو شتانەی لە ئورووپا دادەهێنران و دەدۆزرانەوە لەو وڵاتانەدا خرانە کار. بەڵام هەروەها شتی دیکەی گرینگیش وەکوو خوێندن و خوێندەواریی، خوێندنگا و نەخۆشخانە و پۆلیسخانە و یاسا و دەستوور و دامەزراوەی جۆراوجۆری سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگیی پێویست بوو و لەبەرئەوە بە پێی شوێن و لە ئاستی جیاوازدا دەکرانەوە. زمانی کۆلۆنیالەکان وەکوو ئینگلیزیی، فەڕەنسیی، ئیسپانیی ئەگەر نەشبوون بە زمانی ڕەسمی بوون بە زمانی دووهەم.
لە هەموو ئەم شتانەش گرینگتر، هەرچەندە قسە زۆر هەڵدەگرێت، زۆرێك لەو نەتەوانە بوون بە خاوەنی سنوور، حوکمەت و دەوڵەت.
کۆلۆنیالیزمی ئورووپایی خوێن و ئازارێکی زۆر لەسەر هەموو ئەو نەتەوانە کەوت، بەڵام هاوکات دیوی دووهەمی ئەو داگیرکردنە بریتی بوو لە وەدەستکەوتنی بنکەیەك کە بتوانن لە هەموو شتانە کە شارستانیی ئورووپا پاش سەرهەڵدانی ڕۆشنگەریی وەدەستی هێنا، ئەگەرچی ناڕەستەوخۆش، بەهرەمەند بن. سەرەڕای هەبوونی حوکمەتگەلی وابەستە و دیکتاتۆر و گەندەڵ هێشتا دۆخی ئەوان جۆرێکە کە ناکرێت لەگەڵ کوردستاندا بەراوورد بکرێن.
لە بەراووردی ئەم وڵاتانەدا کوردستان گوندێکە کە مرۆڤی هەستیار دەترسێنێت.

## کوردستان کۆلۆنیەکی نکۆڵی لێکراو

نێزیکەی هەر هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئێستا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن لە ئاکامی بردنەوە و دۆڕانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا دروست بوون. دەستەڵاتی براوەی ئورووپا بە ئارەزووی خۆی و بێ ئەوەی هیچ بایەخێك بە جیاوازیی ئەو نەتەوانە و باری جوگرافیی – نەتەوەییان بدات لەم سەر بۆ ئەو سەر خەتیان

کێشا. هێشتا دەوڵەتی سووریا سەربەخۆ نەبووبوو کە بە هۆی سنووری تورکیاوە کوردی باکوور کە دەکەوتنە ناو سنووری تورکیاوە ڕێگایان لێگیرا لەگەڵ ئەو کوردانە پێوەندی بگرن کە کەوتبوونە ناو ئەو دیو ئەو سنوورەوە کە ئێستا بە سووریا دادەنرێت. ئێستاش بە هۆی ئەو خەتەوە کە دوایی بوو بە سنوور، "کوردی تورکیا" بە "کوردی سووریا" دەڵێن "کوردی بن خەتێ".
سووریا پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لە سالی ١٩٢٢ دا چووە ژێر ماندانتی فەڕەنسا و لە ١٩٤٦/٤/١٧ سەربەخۆ بوو. ئەو خەتە بوو بە مەرزی ڕەسمیی. کوردەکانی "بن خەتێ" بوون بە "کوردی سووریا".
پێویست بە درێژکردنەوە ناکات کە میسر، ئێراق، ئوردن، سعودی عەرەبی و ئیماراتەکان پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و لە ساڵانی نێوان ١٩٢٢ و ١٩٣٢ دا دروست بوون.
ئەو کاتەی کە ئەو دەوڵەتانە لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە ژووری داخراودا لەسەر نەخشە بەملاولادا دەکێشران گەورەترین شەڕی ئیمپریالیستی دژ بە کورد و کوردستان لە ئارادا بوو. بێ لە گەنجە تورکەکان و دەوڵەتی ئێراق، سوپای ئینگلیز شەڕی خوێناوی دژ بە کوردستان دەکرد، ئاکامەکەی ئەوەبوو کە لە خۆرهەڵاتی ناوەندا ١٦[43] دەوڵەت دروست کرا، بەڵام دانەیەکی بۆ کورد تێدا نەبوو.
ئەفریقا یەکێکە لە کیشوەرە گەورەکانی جیهان و ڕووبەرەکەی زیاتر لە ٦٠ ملیۆن کیلۆمەترە و تا ئێستاش نەتەوەی زۆر تێدایە کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نیین، بەڵام بە هەرحاڵ ٦١ دەوڵەتی تێدایە. ئەریتریا لە ١٩٩١/٥/٢٩ بانگەوازی سەربەخۆیی کرد، لەو کاتەدا کورد لە گەرمەی سەرهەڵدان و ڕاپەڕیندا بوو. نێزیکەی دوو ملیۆن کورد لە ترسی هێرشی قڕکردن هەڵهاتن و گەورەترین کۆڕەوی سەردەم هەڕەشەی نەمانی لە کورد دەکرد.
بانگەوازی ئەریتریا بۆ سەربەخۆیی لە ١٩٩٣/٥/٢٤ بە ڕەسمی ناسێندرا.
ئەو دەم کورد لە گەرمەی شەڕی ناوخۆییدا بوو.
لە مێژووی مۆدێرندا، واتە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، بە پێی هەڵهێنانی سەرپێی نە کەمتر لە نیو ملیۆن کورد کوژراوە، نە کەمتر لە ٧ هەزار گوند وێران کراون، دەیان شار و شارۆچکە بۆردومانی سەخت کراوە، بە دەیان هەزار بریندار و سەقەتی کورد هەن، بە سەدان هەزار لە شوێنی نیشتەجێیان ڕاگوێزراون و دەرکراون و بە عەرەبکردن و بە فارسکردن و بە تورککردن بەشێکی گەورەی خاکی کوردستانی گرتووەتەوە، بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە پادەشت و زەوی کشتوکاڵی و سامانی نەوت یان ئاوی شیرینیان تێدایە. تا ئێستا لەبەرئەوەی کورد وەك "کورد" ناونووس ناکرێت، بەڵکو بە ناوی ئەو دەوڵەتەوە ناونووس دەکرێت کە بە ڕەسمی هاووڵاتیەتی نازانرێت ژمارەی کوردی ئاوارەی دەرەوەی کوردستان چەندە، بەڵام بە پێی حیسابی گشتیی نە کەمترە لە دوو ملیۆن. تا ئێستا بە تریلیۆن دۆلار لە کوردستان دزراوە. هەر لە بەکارهێنانی خەڵك وەك هێزێکی کاری بەلاش تا دزین و بردنی هەموو جۆرە سامانێکی کورد بێ ئەوەی کورد لە هیچ بەشێکی حیساباتەکەدا بێت.
لە کوردستان ژمارەی پۆلیس و پۆلیسخانە لە ژمارەی مامۆستا و خوێندنگا زیاترە، خەڵکی کوردستان یەك دانە ڕۆژیان دوور لە دەستی سوپا، لە پشکنین و ناڕەحەتکردن و گرتن و ڕاوەدوونان و کوشتن بەسەر نەبردووە.
بەختی ڕەشپێست لە چاو کورددا ئەوەیە کە لە کورد ڕەشترە.
ئەگەر کورد ڕەشپێست بووایە هیچ کەسێکی جیهان نەیدەتووانی وا بە هاسانیی چاوپۆشی لەو زوڵمە بکات کە لێی دەکرێت.
لە هۆشیاری ئەو دۆخەدایە کە "دڵدار" ـ ی نەمر سروودی "ئەی ڕەقیب" ـ ی نووسی و لە تێگەیشتن لە ماناکەیدایە کە ئەو سرووده بە دەم خەڵکی کوردستانەوە دەگوترێتەوە.
بەو شێوەیە کوردستان داگیر کرا و لە ژێر خراپترین و دڕندەترین جۆر لە کۆلۆنیالیزم دەچەوسێنرێتەوە. داگیرکارانی کوردستان و نەتەوە سەردەستەکان خۆیان بە دەست نەفامیی و بێسەوادیی خۆیانەوە گیرۆدە بوون و هەموو بارێکی ئەو ناشارستانیبوونەیان باری داگیرکراویی کورد و کوردستان قورستر دەکات.
ئەگەر پیاو بە گشتیی پیاوسالار بێت، ئەوا پیاوی کۆنەپەرست زۆر پیاوسالارترە، وا پیاوسالارتر کە هەندێك جار تەواو نوێنەرایەتی دڕندەیی دەکات.
کاتێك نەتەوەی سەردەست گیرۆدەی دەستی جەهل بێت و لەو پەڕی ڕەگەزپەرستیی و کۆنەپەرستییدا بژی، بێگومانە کە دۆخی نەتەوەی بندەست ئەو دۆخە دەبێت کە گەلی کوردستانی تیادا دەژی.
داگیرکارانی کوردستان پیادەی ڕەگەزپەرستیەك دەکەن کە لە مێژووی ڕەگەزپەرستییدا بێوێنەیە. مێژووی ڕەگەزپەرستیی بریتیە لە مێژووی جیاوازبینین، لە مێژووی جیاوازی دانان، لە مێژووی جیاواز مامەڵەکردن. مێژووی ڕەگەزپەرستیی لە ناو نەتەوەسەردەستەکان کە کوردستانیان داگیرکردووە مێژووی نکۆڵی کردنە لە

[43] خۆرهەڵاتی ناوەند ١٦ وڵاتی تێدایە، هەڵبەت تورکیا کە هەندێك جار بە ئورووپا حیساب دەکرێت چونکە نێزیکەی ٢٧ هەزار کم لە ئورووپادایە، و میسر کە هەروەها بە ئەفریقاش حیساب دەکرێت و ئەو ناوچانەی کە فەلەستینی تیادا دەژی کە بە دەوڵەت دادی دەنێن.

نەتەوەی کورد. نەتەوەی کورد نییە و کاتێك کە شتێك نەبێت پێویست ناکات مافیشی هەبێت. لە تورکیا نکۆڵیی تەواو لە بوونی کورد دەکرێت، لە ئێران کورد لەو مانایەدا نییە کە بە ئێرانیەکی خالیس دادەنرێت. کورد کە ئێرانیەکی خالیسە وەك "کورد" بوونی نییە و لەبەرئەوەش پێویستی بە ماف نییە. کورد لە ئێراق و سووریا لە پراکتیکدا هەمیشە نکۆڵی لە بوونی کراوە و وەکوو "برا"، "هاوئایین" و "موسڵمان" سەیر کراوە.
هەڵپەی داگیرکاران لە هەموو بوارێکی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، زانستیی و لایەنی دیکەدایە لە پێناوی نەهێشتنی "کورد" وەکوو نەتەوەیەك. ئەم دەوڵەتانە هەمیشە هەوڵیان داوە کە تاکەکەسی کورد هەرگیز نەتوانێت بگاتە قۆناخی خودئاگایی و هۆشیاریی. ئەوان باش دەزانن کە ڕۆشنبیر وەکوو تاکەکەس مەرج نییە ئازا و بەجەرگ بێت، بەڵام دەزانن کە ڕۆشنبیریی مرۆڤ ئازا و بەجەرگ دەکات. ئەوان هەمیشە بە پلانەوە ستروکتوریی خێڵەکایەتیان لە کوردستان بەهێز کردووە، دەستەڵاتی ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و سەییدیان بەهێز کردووە. هەر لەبەرئەوە بە ڕوونیی دیارە کە مێژووی خەباتی کوردستانیی مێژووی خەباتی ناکوردستانییە.
مێژوویەکە کە تیایدا سەرەکخێڵ، ئاغا، شێخ و سەیید پێشناو و لەقەبی بوون.
مێژووی خەباتی کوردستان تەنها ئەو کاتە دەبێت بە کوردستانیی کە لە دەست چوارکۆڵەکەی خێڵ، ئاغا، شێخ و سەید دا دەربهێنرێت و خەڵکی سادە و ڕۆشنبیریی بێ "ناوونیشان" ڕابەرایەتی بکەن. ئەگەرچی لە میژوودا چەند کەسایەتیەك کە لەقەبی ئایینیان هەڵگرتووە هەوڵیانداوە بە جۆرێك خەباتی کوردستان کوردستانیی بکەن و مێژوویەکی پڕ سەروەریشیان تۆمار کردووە، بەڵام هەرگیز نەیانتووانیووە ستروکتوری خێڵەکایەتی و ئایینسەروەریی لە کوردستان بشکێنن.
گیرخواردوو لە ناو ساختارێکی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کە لە دووڕرادا لە خۆماڵیی دەچێت و لە نێزیکدا جوان دیارە کە داگیرکار بە پێوەی ڕاگرتووە، کورد مەلێکە دەندووك و چنگی لە شەڕی بێهوودەی قەفەسدا شکاوە.
کۆلۆنیالیزم لە کوردستان کۆلۆنیالیزمێکی ناپیشەسازیی و دوور لە سەنعەت و زانست و ناپڕوا بە پێشکەوتنە. نەزمێکی سیاسییە باشترین هێزی چەپی وڵاتی خۆی وا نابینا و کۆنەپەرست دەکات کە ناتوانێت تەنانەت یەك دانە شیعری نەتەوەی بندەست وەربگێڕێتە سەر زمانی خۆی. هەموو خەباتێکی ئەو جۆرە چەپانە لە گۆرانی کوچەبازاڕیی "برایەتی" و "هاووەتەنی" بووندا خولاسە دەبێتەوە. ئەوە ئەو خۆراك و پۆشاکەیە کە کرێکار و زەحمەتکێش و سەپان و جووتیاری کورد دەتوانێت زگی خۆی پێ تێر بکات و خۆی پێ گەرم بکاتەوە.
پاش کتێبی "دڕندەکان تاکیڕ بکەن " بە سێ ساڵ سڤێن لیندکڤیست کتێبی "دژڕەگەزپەرست Antirasister"[44] ـ ی نووسی و لەو کتێبەدا تەنها باس لەو کەسایەتیانەی سەردەمی ڕۆشنگەریی دەکات کە دژ بە بیری ڕەگەزپەرستیی وێستان و مێژوویەکی هاوخەبتیان لەگەڵ نەتەوەگەلی کۆلۆنیدا تۆمار کرد. لەوێدا بە تایبەتی باس لە گرانڤیل شارپ Granville Sharp، جەیمس ڕامسەی James Ramsey، فرێدریخ تایدمان Friedrich Tiedemann، جۆرج کەیبڵ Gorge Cable و ماری کینگسلی Mary Kingsley دەکات. ئەوانە ئەو ڕۆشنبیرانە بوون کە نەدەترسان و نە دەکڕدران. مێشکی ئەوان بۆ فرۆشتن نەبوو.
کۆلۆنیالیزم لە کوردستان قازانجێکی بێسنوور و لە ڕادەبەدەر لە نەبوونی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانە لە نەتەوەی خۆیدا دەکات. مێژووی کۆلۆنیالیزمی ناپیشەسازیی مێژووی دیسپۆتە و سەپاندنی هەرەمێکە کە نەتەوەی بندەست هەم بنکەیە و هەم کەنار. هەموو دەستەڵاتێك لە ناوەندا کۆدەکاتەوە و نەتەوەی بندەست دوور لە پارە و زانست و پێشکەوتن دەهێڵێتەوە و دەیانخاتە باوەشی خێڵ و ئاغا و  شێخ و سەییدەوە.
ئا لێرەدایە کە خوێندنەوەیەکی نوێی قانع، شاعیری پایەبەرزی هۆشیار لە خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی، هەروەکوو دڵدار، نەك هەر جێی خۆیەتی، بەڵکو پێداویستیەکی بێ بێنەوبەرەیە.
کۆلۆنیزلیزم لەمڕۆی کوردستاندا دزێکی نەناسراوی دەمامك بەستوو نییە کە لە نیوەی شەودا بێت و ڕوات. کۆلۆنیالیزم لە کوردستان دزێکە خاوەنی ناو و ڕووخسار و خەسڵەتی دیارە. بە ڕۆژی ڕووناك سامانی سەرزەوی و بنزەوی دەبات و تاکەکەسی نەتەوەی بندەست وەك ڕێگرێکی نەفرەتلێکراو لەبەردەم خۆیدا دەبینێت. لەبەرئەوەیە کە دەستەڵاتی کۆلۆنیال پێویستی بە زیندان و گرتووخانە و پۆلیس و سەربازی بێئەژمارە. دەستەڵاتی کۆلۆنیال بە ئێنقەست و بە پلان پێوەندیە کۆنەپەرست و دواکەوتووەکان لە کوردستان بەهێز دەکات و ڕێگا لە پێشکەوتن و گەشەی نەتەوەی بندەست دەگرێت. ئەم نەزمە ئاگایانە و سیستەماتیك نەتەوەی بندەست بە "کێوی"، "دڕندە"، "دواکەوتوو" و "نەفام" و "ناشیرین" دەناسێنێت.
ناکرێت بەراووردی قوربانیانی کورد لەگەڵ بۆ نموونە نەتەوەگەلی بندەستی دیکەدا بە هاسانیی بکەین ئەگەرچی ناشیاو نییە، بەڵام دەستەڵاتی کۆلۆنیال لە کوردستان خاوەنی مێژوویەکی وا خوێناوی و وا پاشکەوتنهێنە کە مرۆڤی هۆشیار دەترسێنێت.

---

44 Antirasister, Människor och argument i kampen mot rasismen 1750-1900. Sven Lindqvist, Scandbook AB, 1995 Falun

ئێمە لە کوردستان ڕووبەڕووی جۆرێك لە کۆلۆنیالیزمی دڕندەین کە ئیمکانی قسەلەگەڵکردن و دیالۆگ نییە لە گەڵیدا. لە ماوەی نێزیکەی سەد ساڵدا کوردستان لە چاو وڵاتی خۆیاندا لە گوندێکی وێران دەچێت.
بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی فرە دەوڵەتمەندی کۆلۆنیالیزمی ئورووپیی لە ناو کیشوەری جیاوازدا دەتوانین تێ بگەین کە تەنها چارەسەر تێکشکاندنی دەستەڵاتی کۆلۆنیالە لە کوردستان و دەرکردنێتی لە خاکی کوردستاندا.
ئەوە پێویستی بە ڕێکخستن و خۆڕێکخستنێکە کە دەبێت لە هەموو لایەك و بوارێکەوە وەڵامدەری سەردەم بێت.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/٠٩/٢٤

سەرچاوەکان:


1. Antirasister, Människor och argument i kampen mot rasismen 1750-1900. Sven Lindqvist, Scandbook AB, 1995 Falun.
2. Narrative of the Life of Fredrick Douglass, An American Slave. An Anchor Book, Published by Doubleday. Boston, Published at the Anti-Slavery Office, No. 25 Cornhill, 1845.
3. Utrota varenda jävel, Sven Lindqvist, Albert Bonniers förlag, 1992
4. Toward the Final Solution, A History of European Racism. Gorge L. Mosse 1978, 1985.
5. Wikipedia
6. Race and the Enlightenment, A Reader, Blackwell publishers Ltd 1997, Edited by Emmanuel Chkwudi. Eze.
7. Terra Nullius, En resa genom ingens land. Sven Lindqvist. Albert Bonniers förlag, 2005.